# ديمۆكراسى دەنگۆكراسى و دزۆكراسيى نييە

وەلامێک بۆ پەيامەكەى بارزانى

لە پێنـــاوى دايەلـــۆگێكى عەقلانيـــى و، ديمۆكراســـى و بەرژەوەنـــدى باڵاى نەتەوەييدا


## دكتۆر كەمال ميراودەلى


### بەشى چوارەم /

لە بەشـــى ســـێيەمدا پرۆســـەى ديمۆكراســـى – م وەک پرۆســـەى زامنكـــردن وبەكارخســـتنى دەســـەلاتى خەلـــک وەســـف كـــرد و روونـــم كـــردەوە كە لە پرۆســـەى مێژوويـــى ديمۆكراســـيدا چـــوار جـــۆر لە پراكتيزەكـــردن يـــان بە سيســـتمكردنى ديمۆكراســـى دەركەوتـــوون كە بـــريتين لە ديمۆكراســـى راســـتەوخۆ ، ديمۆكراســـى نـــوێنەرايەتى ، ديمۆكراســـى نـــامەركەزيى و ديمۆكراســـى ليبرالـــى. هەروەهـــا وتـــم لەگەڵ جياوازييەكانـــدا كـــۆمەڵێ پرينســـيپى هـــاوبەش هەن كە بوونيـــان پێويســـتى جەوهەريـــيە بـــۆ گـــۆڕينى ديمۆكراســـى لە وشـــە ، چەمک يان ئايدياوە بۆ سيستم .

### كۆبەند يان سيستم

سيســـتم يـــانى كۆبەنـــد، يـــانى كـــۆمەلە شـــتێكى پـــێكەوە بەســـتراو كە بـــۆ هەبـــوون و كاركردنيـــان پشـــت بە يەكتـــر دەبەســـتن و يەكتـــر تەواو دەكەن وەک يەكێتييەكـــــى هـــــاوئەرك. وەک لەشـــــى مـــــرۆڤ و ئەنـــدامەكانى كە كۆبەنـــدى بـــايۆلۆجى مـــرۆڤ پێـــک دێنێـــت. كۆبەنـــدى هـــاتوچۆى شـــارێک بـــريتييە لە رێگاوبـــان و هەمـــوو خەت و جۆرەكـــانى گواســـتنەوە : پـــاس، تاكســـى، شـــەمەندەفەر، ســـەيارەى شەخســـيى، پايســـكيل ، پيـــادەرۆيى. پێكەوەبەســـترانى ئەمـــانە بـــۆ ئاســـانكردنى هاتوچۆو گواستنەوەى هاولاتييان كۆبەندى هاتوچۆ پێكدێنێت .

پرینسیپە ناسراوەکانی دیمۆکراسی ئەو کۆمەلە پرینسیپەن کە پێکەوە کۆبەندی دیمۆکراسی پێک دێنن. دیمۆکراسی تەنیا ئایدیا و ئایدیال نییە، تەنیا هەلبژاردن نییە. تەنیا دروستکردنی حکومەتی هاوکۆکی و هاوپەیمانی دیمۆکراتی نییە. بەلکو کۆبەندەو وەک ژێرخانێک کار دەکات کە هەموو کۆلەکەکانی پێکەوە خانووی دیمۆکراتی رادەگرن و دەپارێزن. نەبوونی تەنیا یەک کۆڵەکە کار لە وەستان و رێکی و ساغیی هەموو خانووەکە دەکات.

## دیمۆکراسی دەنگۆکراسی نییە

زۆر جار ئەمانە دەبیسین :

* دەسەلاتی پارتی و یەکێتیی دیمۆکراسییە چونکە بە هەڵبژاردن هاتوونە سەر حوکم .

* سەرۆکایەتی هەرێم دیمۆکراسییە چونکە بە دەنگدانی زۆربە هەڵبژێردراوە.

* حکومەتی غەزەی حەماس دیمۆکراتییە چونکە خەلک دەنگی بۆ داون .

* کارەکانی حکومەتی نوێی میسر دیمۆکراتین چونکە بە دیکتاتۆریەت حوکمیان وەرنەگرتووە بە دەنگی زۆربە هەڵبژێردراون .

ئەو تێگەیشتنەی لە پشت هەموو ئەم وتانەوە یە ئەوەیە: کە دیمۆکراسی بریتییە لە مافی دەنگدان و دەنگدانی ئازاد و هەلبژاردنی دەسەلاتی براوە بە دەنگی زۆربە .

بە واتایەکی دی ، دیمۆکراسی بریتییە لە دەنگدان ، دەنگدان بریتیە لە دیمۆکراسی .

واته دیمۆکراسی [ دەنگۆکراسی ] یە : حوکمی دەنگ ، دەسەلاتی دەنگەکانی خەلک بۆ ئەوانی تر ، نەک دەسەلاتی خەلک بۆ خۆی .

لێرەدا دەنگ جێگەی دەنگدەر دەگرێتەوە ، کۆدەنگ جێگەی خەلک دەگرێتەوە، دەسەلاتی خەلک لەگەل دەنگدانەکە تەواو دەبێت و دەگوازرێتەوە بۆ دەنگپێدراو ، دەسەلاتی هەلبژێردراو ، ئیدی چی لەو دەنگانەو بەو دەنگانە دەکات ، و چۆن دەسەلات بەکار دێنیێت ئەووە گرنگ نییە ، دەنگی زۆربەی خەلک رەوایی داوەتێ .

**واته بەم حسێبە دیمۆکراسی تەنیا رووداوێکی دەنگدانی یەکرۆژەیی یە کە لە ماوەی چوارساڵدا جارێک دەشێ دووبارە بێتەوە یان گەر دەنگۆکراسی بیەوێ دووبارە نەبێتەوە**

دیارە مەبەستی مەسعود بارزانیش لە پرۆسەی دیمۆکراسی تەنیا پرۆسەی دەنگدانە، خەلک دەنگیان داوەو با بلێین دروستە بە زۆربەی دەنگ ئەویان هەلبژاردووە: ئیدی پرۆسەکە تەواو : خەلک ئەویان بە سەرۆک هەلبژاردووە ئیدی ئەو ئازادە چی لەو سەرۆکایەتییەو بەو سەرۆکایەتییە دەکات : بۆ نموونە حەزی لە بیرۆکراسیەت و رەسمییات و ئەرک و بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتی نییە ، حەز دەکا هەر بە پێشمەرگەی شاخ بمێنێتەوەو بە پێشمەرگە بناسرێت بەلام هەموو دەسەلاتەکانی سەرۆکایەتیش بە ئارەزووی خۆی بەکاربێنێت ، دەسەلاتی یەکەم و ئاخری بریاردان بێت، بتوانیت سەرئەروز بئەرزی کوردستان بفرۆشێت ، پایتەخت بکاتە ئۆتێلخانەی بێگانە، بازاڕ قۆرخ کات، دەرمانی ئێکسپایەر بکا بە قورگی خەلکدا، خەستەخانەکانی خەلک بکوژن ، رێگاوبانەکانی خەلک قووت دەن ، زانکۆکانی نەوەی نوی فێری جەهالەت بکەن، دینداریی بکاتەوە بە خەرافات و ئەداتی کۆنترۆلی عەقل و ئازادیی و کەرامەتی ئینسان، ژنان بازرگانییان پێوە بکرێت یان بکوژرێن و خۆبسوتێنن، گەنجان تەمەنیان لە خەمۆکیی و بێهیواییدا هەلوەرێنن ، میدیا ببیتە ئاژاوەو هەر حیزب و گروپێک ئیمپراتۆریەتی میدیایی خۆی دابمەزرێنێت ، فەسادو مەحسوبییەت و خزمایەتی و واسیتەکاری و دزیی و داوێنپیسی وگەندەلیی وەک ئافات هەموو شوێنێک بتەنێت ، بە ئارەزۆی خۆی سیاسەت بکات، هەرەشە لە مالکی بکات ، لە

حکومەتەکەی بکشێتەوە یان هاوبەرژەوەندییی گەندەڵی بێت ، بۆ خۆی دەستووری نەبێت و دەستوور لە خەلک بخوازێت، لەگەڵ ئۆردۆگان تیکەولێکە بکات ، لە گەڵ دەولەتان بێ بەرنامە و ئەنجام دانیشتن بکات و وەرەقەیەکی نووسراو پێشانی پەرلەمانەکەی نەدات ....

بە کورتی هەموو مافو ناماف و ئیمتیازەکان وەرگرێت، تەنیا بەرپرسیارێتی قبوڵ نەکات، حیساب بۆ پەرلەمان و حکومەت و دادوەریی و ئۆپۆزیسیۆن و خەڵک نەکات، نەبێتە بەشێک لە هیچ کۆبەندێک و سیستمێک... هێشتا دیمۆکراتیش بێ چونکە بە دەنگی زۆربەی خەلک هەڵبژێردراوە، خەلکەکەش هیچ ئامرازو میکانیزمێکیان نییە بلێن ئەو دەنگانەی ئێمە چییان لێهات، بۆ ( دیمۆ ) -ت لە (کراسیا ) جیا کردەوە خۆت خستە جێی ، (کراسیا ) یان کورسییەکەت بۆ خۆت بردو ئێمەی ( دیمۆ ) ی مسکێنی هەژارت لەو سەحرایەدا رووت و برسی وپیادەڕۆ جیهێشت .

گەر خەڵکیش نارازی بوو ئەوە با جارێکی تر دەنگ بۆ دەنگۆکراسی بدەنەوە!

سەرۆکایەتی بەم مانا دەنگۆکراسییە ، کورسییەکی لە خەلک دابڕاوە، بەشێک نییە لە هیچ گۆبەندو کۆبەندێک، کەسیش نییە لێی بپرسێتەوە ، دەزگایەک نییە چاودێریی بکا، پەرلەمان ناتوانێ بڵێ ئەم کارە ناتەبایە لەگەڵ دیمۆکراسی، چارەسەری ئەو ئاژاوە سسیستمییە بکات کە لەمەوە پەیدا دەبێت .

حەماس و ئیخوان بە دیمۆکراتییەتی هەڵبژاردن هاتوون بەلام گەر بۆ نموونە دوای هەڵبژاردن هەموو روالەتێکی دیمۆکراسی هەر لە ئازادیی رۆژنامەگەریی و بیرورای ئازادو رێکخراوی ئازادیی کۆمەلگای مەدەنی و بوونی ئۆپۆزیسۆنی کاراو دادپەروەریی کۆمەلایەتی و چاودێری حکومەت و موحاسەبەی گەندەلی و تەنانەت ئازادییە کۆمەلایەتیی و تاکییەکانیش ..هەموو بخەنە ژێر پێوە و بیانەوێت دەنگۆکراسی بۆ دامەزراندنی سسیستمێکی ئایدیۆلۆجی بە ئارەزۆی گروپێکی فەندەمێنتالێست بەکاربێنن و پرینسیپەکانی ئازادیی و دیمۆکراسی پەراوێزبکەن، ئیدی بە پیی دەنگۆکراسی ئەوە ئەوان مادام بە هەلبژاردن هاتوون

شەرعییەتی دیمۆکراسییان هەیە چی دەکەن بیکەن گەر کوشتنی دیمۆکراسیش بێت !

ئەگەر ولاتێک یان رێکخراوێکی ئەوروپاییش لە سەر ئەمە بە دەنگ بێت دەلێن ئەوە چونکە ئیسلامین حوکمی ئیسلامییان بە دیمۆکراسیش قبوڵ نییە بۆیە رەخنەیان لێدەگرن! ئەوە تێناگەن یان فرامۆش دەکەن کە دیمۆکراسی سیستەمەو کۆمەڵێ پرینسیپ و ستانداردی هەیەو نەبوونی یان لابردنی یان فرامۆشکردنی یان پەراوێزکردنی هەر یەکێک لەو بنەماوستانداردانە ترس و نیگەرانی لای دیمۆکراسیخوازانی راستەقینە دروست دەکات.

بەلام وەک پێشتر روونم کردەوە دەنگۆکراسی دەسەلاتی دیمۆ نییە ، ئەوە دەسەلاتی لە خەلک وەرگیراوە ، لە خەلک سەندراوە ، تا بە ناوی خەلکەوە زۆرجار دژی خەلک خۆی ، دژی خودی دەنگدەران دوای دەنگدانەکەیان بەکار بێت .

**دەنگدان پەیمانیکی کۆمەلایەتی سیاسیی و ئەخلاقیی و یاساییە لە نێوان دەنگدەران و نوێنەراندا**

دەنگدان پرینسیپێکی سەرەتایی جەوهەریی مافی دیمۆکراتی خەلک و جوولێنەرو خولقێنەری پرۆسەو سیستەمی دیۆکراسییە . ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن دەبنە ئەو تیمەی کە متمانەی خەلکیان هەیەو ئەمانەتی دامەزراندنی سیستەم وحوکمرانی دیمۆکراتییان پێ سپێردراوە .

دەنگدان گلۆپی سەوزە بۆ دەستپێکی پرۆسەی دامەزاراندنی سیستەمی و دیمۆکراتی و لەوەش زیاتر بنەماو پایەکانی حکومەت و دەوڵەت. خیانەتکردن بە پرۆسەی دیمۆکراسی لە خیانەتی نەتەوەیی جیاناکرێتەوە چونکە رێگر دەبێ لە دروستکردنی نێشتمان و دەولەت، لە دروستکردنی ئەو سسیستەمەی حوکمی خۆ بەرێوەبردن جێگیر دەکات ، لە هەلومەرج و هیوای بە نەتەوەبوون. دەنگدان گلۆپی سەوز نییە بۆ دیکتاتۆریەت و دزیی و داگیرکردن و داوێنپیسیی و ژێرپێدانی داپەروەریی و یەکسانی وەک لە بەربەرستانی حیزبی کوردییدا باوە.

**دەنگدان [ متمانەی هەڵبژاردن ] پەیمانێکی سیاسیی و کۆمەلایەتییە لە نێوان گەل و نوێنەران وکەسان یان حیزبی هەلبژێردراودا. پەیمانیکی کاتییە و ئەبەدی نییە**. وەک ئەوە وایە کە تۆ مالەکەت بۆ چوار ساڵ بە کرێ بدەیت بە کەسێک ، کۆنتراکتی لەگەل بکەی ، هەقی خۆت بە رێکوپێکی مانگانە بداتێ، خانووەکە بە ساغی و سەلامەتی بپارێزێت ، کە ماوەی کۆنتراکتە تەواو بوو وەک خۆی تەسلیمی بکاتەوە، تا خاوەنەکەی بیداتە کرێچییەکی تر ، یان کە ماوەکە نوێکرایەوە بە رەزامەندیی هەر دوو لاو بە مەرجی نوێ بێت .

تۆ وەرە ئەم پەیمانە سادەیە بەراورد بکە لەگەڵ ئەوەی سەرانی پارتی و یەکێتی بەرامبەر ئەم میللەتە کردوویانە : دێتە ناو خانووەکەوە ، پەیمانەکە دەدرێنێ ، لە سەرخۆی تاپۆ دەکا ، پەنجەرەو دەرگاکان دەردێنێ وپەنجەرەی ئەوروپیی و دەرگای ئاسن دادەنێ ، باخەکە لە بنا هەڵدەکەنێ و دەیکاتە گەراج بۆ سەیارەکانی، حەوشەو تەنانەت بیرە ئاوەکەشت دەفرۆشێ، بەشێکی لێ دەکا بە ئوتێل و دەیدا بە بێگانە، خاوەنەکەی بەچرپەش داوای بکاتەوە پۆلیسی دەنێرێتە سەر، کۆمەلێکی زۆر پاسەوان و گزیر کۆدەکەنەوەو خۆیان دەکەنە خاوەنی ئەبەدیی خانووەکەو بە تەما نین قەت لێی دەرچن. خاوەنەکەشی لە چاوەروانی وەرگرتنی کرێ نەدراوەکەی و لە داخی مالە داگیرکراوەکەی و لە هەژاریی و مەغدووریيدا رۆژ بە رۆژ دەپوکێتەوە، بیر لە کۆچ یان خۆکوشتن دەکاتەوە . هەرچی دەرگای یاسا و داد هەیە نییە رووی تێبکات .

ئەمە تەنیا بۆ روونکردنەوەی عەقلییەتی داگیرکاریی دەسەلاتی کوردیی، ئەگینا ئەمە نموونەیەکی سادەیە . ئەوەی ئەوان بە کوردستان و خەڵکی کوردیان کردووە سەد جار لەم نموونە خراپترو تاوانبارانە ترە. کێ دەتوانێ بە مەسعود بارزانی و بنەماڵەێ بڵێ : سەری – رەش و سەلاحەددین و هەولێرو سامانی نەوتی

فرۆشراومان بدەوە، بە بنەماڵەی سەوز بڵێ: سلێمانی و دوکان و کەلارو قەلاچوالان و مێرگەپانمان بدەوە.

دز خۆی بە خاوەنماڵ دەزانێت خاوەنماڵ بە دز، واتە پەیمانی [ دیمۆکراسی ] لە هەرێمدا لە [ دەنگۆکراسی ] یەوە بۆتە [ دزۆکراسیی] واتە دەسەلاتی دزان، و گۆڕانێکی دەستووریی دیمۆکراتی یاسایی رادیکالی نەبێت چارەی ئەم رەوشە ناکات .

بەشی داهاتوو: بنەماکانی سیستمی دیمۆکراسی